دارایی عێراق مووچەی مانگی 10ـی فەرمانبەرانی هەرێم نارد



دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ لە دابڕش نەکردنی مووچە، دواجار ئەمڕۆ یەکشەممە وەزارەتی دارایی عێراق بڕی 763 ملیار دینار وەک مووچەی مانگی 10ـی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێم خستەسەر هەژماری وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان بۆ دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران بۆ مانگی تشرینی یەکەمی (مانگی 10)ـی ڕابردوو.

دیار نییە ئێگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی مووچەخۆران بۆ مانگی 10ـی ڕابردوو دابەشبکات، سەرباری تێوانەکردنی ئەو گوژمێش، چونکە چاوەڕوان دەکرێت حکومەتی هەرێم بۆ پاساوی کورتهێنان و کەمی بڕی بوودجەی نەردراو، دابەشکردنی مووچە زیاتر دوابخات.

دژوار فایق، ڕاوێژکاری مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە لێدوانێکی میدیایدا ڕایگەیاند، ئێگەر بەغداد گوژمێی یەکەمی پارەکەش بنێرێت کورتهێنانمان دەبێت و ناتوانین مووچەی مانگی 10 دابەش بکەین.

ڕاوێژکاری مەسرور بارزانی دەڵێت: هەرێمی کوردستان داوای لە بەغدا کردووە سێ مووچە بەیەکەوە بنێرن بۆ ئەوەی بەپێلە بتوانن دوو مووچەی مانگەکانی 10 و 11 دابەشبکەن.

ئەمەش لەکاتێکدا، لێگەڕێ دەستپێکی مانگی کانوونی یەکەم/12، تائێستا حکومەتی ماوە بۆ درێژکراوی

هەرێمی کوردستان مووچەی مووچەخۆران و فەرمانبەرانی هەرێم بۆ مانگەکانی 10 و 11ـی پارەدوو دابەش نەکردوو.